# پارتی , هێلانەی کۆمۆنیستی دۆڕاو و .....

ئەزمەڕ گەرمیانی

**هەر کەس لەسەر کارێکی خراپ لە پارتی دەرکرابا ، شیوعی بە حورمەتەوە وەریان دەگرت , پارتش بۆ شیوعی دەرکراو وابوو.**

**مام هەژار ..... چێشتی مجێور**

هیچ رێکخستن و حیزبێ لە کوردستاندا ، هێندەی ریزەکانی ( پدك ) فشوفۆڵ و شیرازە پچڕاو نییە . هیچ شوێنێ هێندە پێ سەروبەرو بێ دیسپلین نییە . کەلێن و دەلاقەکانی هێندە والآن جێی هەر تاك و دەستەیەکی تێدا بۆتەوە و دەبێتەوە. هەر لە کەسی وڵاتپارێز و هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتی ، مارکسی ، چەپ ، کۆمەنیست ، موسڵمانی موحەمەدی و عێراقچی عروبەپەرست ، هەتا جاش و سەرەك جاش وسیخوڕی حەوت دەوڵەتان و کۆمەڵێ دەعەجان و سەرلێشێواوی دیکەش ....باوەڕ و ئومێدی گەورەی پدك کۆی یاسایەکی ماتماتیکییە ، ژمارە لەسەر ژمارە کەڵەکە کردنە . ئەم نارێکوپێکی و نەبوونی ئەلفوبای حیزبایەتیە وای کردووە ، لە پەنجا ساڵ خەباتدا نەتوانن 4 کادێری لێهاتوو و لێوەشاوە بۆ حیزبەکەی خۆیان و بزاڤی رزگاریخوازی کورد دروست بکەن . چونکە هەر یەك لەم تاك و تاقمانە هەم بە جۆرێك دەستیان خستۆتە نێو جەرگ و هەناوی حیزبەوە و هەم بۆ مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و درێژەدان بە رەوتی خواروخێچی حیزب ، دەستەگەری و گروپی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە .

ئەم کەماسییە گەورەیە چ دوێنێ و چ ئیمڕۆ هی شاردنەوە و حاشالێکردن نەبووە و نییە . بۆیەکا دوای خوێندنەوەی ئەم بارودۆخەی حیزبێکی بەناو نیشتیمانی مەزنی تێدایە و گوایە هێڵێکی پانوبەرینی جەماوەری داگیرکردووە ! دەبینین هەر یەك بە پێی نەخشە و بەرنامەیەکی دیاریکراو هەوڵی دادۆشین و بەکارهێنان و سوود وەرگرتنیان لەم حیزبە شەقوشڕە داوە .

کۆمەنیستەکان ، بە تایبەت پاش شکستە گەورەکانی فکری و ئیدیۆلۆژی لە ناوچەکە و جیهان و پاش گۆڕانەکانی نێو کوردستان ، لە هەر لایەنێك زیاتر بە پلان و زرنگانە سوودیان لەم ریز دەڵبی و شلۆقییەی پدك دیووە . هەموو ئاماژە و راستییەکان و ئەوەی هەستی پێدەکەین و دەیبینین دەیسەلمێنن ، لە (پدك ) دا بنەماڵەی بارزانی لە لوتکەی دەسەڵاتەکەدان . ناوی بارزانی لەو حیزبە دەربهێنرێت ، بە یەك کاتژمێر وەك بەفری بەر هەتاو ، دەتوێتەوە . لە نێو ( پدك) دا کۆمەنیستەکانیش ــ ئەوانەی دۆڕاون و ئەوانەشی بە نەخشەو پلانەوە خۆیان تێ خزاندووە ، لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا خۆیان مەڵاس داوە . وەك قەوارەیکی سەربەخۆ ، بزووتنەوەیەکی ئیدیۆلۆژی لەناو بۆتەی " پارتا " نەتواونەتەوە و بۆ مەرامەکانیان تۆڕێکی گەورە و بەرفراوانی هەمئاهەنگیان چنیوە .

گۆرانی بۆ ئامانجەكانی خۆیان دەچرن و هەنگاوی تەواوكەری شەقاوی  هاورێكانیان لە هەر شوێنێكی دیكە بن ! دەنێن . هەوڵ و تەقەلا بۆ پێشی پێشەوە دەدەن و بە كودەتایەكی سپی پێی دەگەن . گەلەك جارانیش پەیژەی سەركەوتنیان بۆ ئامادە كراوە . زوو بە زوو خۆیان دە كەنە هەڵسووڕێنەری راستەقینە و بەرچاوی كاروبارەكانی پدك، كە لە راستی و ناواخندا ،  درێژە بە خزمەتی رێبازەكەی خۆیان دەدەن . هەركەسێكیش لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندی و هێڵە سوورەكانی ئەوانە جموجووڵ بكات و بیەوێت بەشدارییەك بكات لە راپەڕاندنی ئەركەكاندا ، دەمودەست بە هەموو شاڵاوی دەبەنە سەر و لە قاوی دەدەن .

ئەمانە   كار بۆ ئامانجە ئایدۆلۆژی و سیاسی و رۆشنبیریی و گشتییەكانی پارتی كۆمۆنیست كوردستانی یان عێراقی دەكەن و گوفتار و رەفتاریان رەهەندێكی سەربەخۆیی وەرگرتووە . دەرئەنجام بوونەتە گرۆپێكی مشەخۆر و سپڵی لاورگی كوردایەتی و هێندەی ئاسمان و رێسمان دوورن لە بەجێگەیاندنی ئەركە نەتەوەیی و نیشتیمانییەكانەوە . ژاراوی ماركسیزم و ئەفیونی عێراقچێتی و مەرگەموشی برایەتی كورد و عەرەب  ، كوولتووری سیاسی و رۆشنبیری هەموو ئەقڵ و قەڵەم بە دەستە كۆمۆنیستە دۆڕاو و دەمامك لە رووەكانی نێو( پدك ) ن . ئەم گروپە زۆر بە دیقەتەوە و بە میتۆد و ئامراز و تەقەمەنی ئیدیۆلۆژی داڕزاو و دروشمی برایەتی درۆزنانە و داگیركەرچێتی گوللەبارانی كوردایەتی دەكەن .ـ ئا لێرەدا شایستەی ووتنە كە هەندێ كۆمۆنیستی كوردستانی راستەقینە لە ئەنجامی ئەزموونی تاڵی رۆژگار و جورئەتی سیاسییەوە بە ئاگا و هۆشیاربوونەتەوە ، بەلای كوردستانیبوون  و مافە نیشتیمانییەكانی نەتەوەی كورد دا بایانداوەتەوە ، یان ئەمەكدارن بۆ رێبازەكە خۆیان !،  ئەمانە ناكەونە نێو پەراوێزی ئەو  گروپە ئەختەبووتییەی ناومان هێناون.ـ

لێنۆڕینێكی پەیڕەو پرۆگرامی پارتی و سەرنجدانێك لە دەزگاكانی راگەیاندنیان ، گومان لای هیچ كەسێك ناهێڵێتەوە . ئەو دەستەگەرییەی دوێنێ ، ماركسییە عێراقچییەكان ـ بەرێزەوە ناوی هەندێكیان دێنم ـ فەلەكەدین كاكەیی و د . محەمەد ساڵح جومعە و سامی و ئال شاوەیس و ....پێكیان هێنابوو ، بریتی بوو لە ئەقڵی حیزب . ئیمڕۆ كە سەرۆ قادر و كاروان ئاكرەیی و سامی شۆڕش و م . گۆران و ئازاد حەسیب قەراغی و بەدران ئەحمەد و .... پێكیان هێناوە دیسان هەم ئەقڵی حیزب و بوقی پروپاگەندە و زووڕناژەنی بەكرێگیراوی ئیدیۆلۆژی و هەرزانفرۆشی كەسایەتیی و ماستاو ساردكەرەوەی حیزبن  ... ئەم باندە هێندە دەستڕۆیشت و زارقەرەباڵغ و ساختەكارن ، پەیوەندییەكی توندو تۆڵ و بە نەخشە دەیان بەستێت پێكەوە و كۆمەڵێ كەسی وەك خۆیان دۆڕاو و زماندرێژ و بە گومان لە رابردووی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتیش پەیتا پەیتا هاریكاریان دەكەن و لاپەڕەی گۆڤار و رۆژناكە وماڵپەڕەكانیان بە كوتانەوە و جوینەوەی دروشم و ئیدیۆلۆژیای دۆگما و سواو و بێتام بووی ماركسایەتی و هێرش و پەلاماردانی ئەم و ئەو دەرازێننەوە . ڤایرۆسی ئەم تاقمە ساختەكارە هێندە پەلوپۆی قایم و قوڵی  بە جەستەی ( پدك ) ە وە بڵاوكردۆتەوە ، نووزەی لە پدك بڕیوە و جەستەی داڕزاندووە و رەونەقی كوردایەتی پێوە نەهێشتووە . بۆیەكاش گەر كاتێك خوێندنەوەیەكی بابەتیت لەسەر پدك هەبێت ، بە زەحمەت دەتوانیت ئاڕاستە گشتی و كرۆكی سیاسەت و جمووجوڵەكانی دەستنیشان بكەیت .  بنەماڵەی بارزانیش پێیان ناكرێت یاخود لە گوماندان دەستبەرداری ئەمانە بن و لە لایەكی دیكەشەوە باڵا دەستی ئەمانە و پرۆژەكانیان بە ئاستێك گەیشتووە ، وەك سەركردایەتییەكی نێو سەركردایەتییان لێهاتووە . بە هەموو شێوەیەك  كار لە كار ترازاوە و دژوارە ئەم  خڕبوونەوەیان بە سانایی لێ تێك بدرێت .

مریشکێك لە کوردستاندا مردار دەبێتەوە ، دەبێت یەکێك لەوانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە وەعزمان بۆ بدەن و فەلسەفەی عەمبارە پۆمان بۆ شی بکەنەوە. نیگاری حەسیب قەراغی ـ بەرێزەوە ناوی دێنم ـ لە هەندەرانەوە دەگەرێتـەوە، هەر لە گەراجەوە دەبرێت بۆ لای هەردوو سەرۆکی پدك و حکومەتەکەی .لە کاتێکدا بە هەزاران پیاو و ژنی کوردی بەتوانای نووسەر و هونەرمەند و دڵسۆز رۆژانە دەچنەوە بۆ کوردستان ، نەك ئەو دەرفەتەیان بۆ سازنادرێت ، بگرە گەلیٚ جاران سووکایەتیشیان پیٚ دەکرێت . لەناوەوەی کوردستانیش بە سەدان ژنە شەهید ، کچە شەهید هەیە خاوەن بەهرە ، جیٚ دەستیان بە بوارێکی ئەدەبی هونەرییەوە دیارە ، سکاڵاش پێشکەش دەکەن بۆ دیداری یەکیٚ لەو سەرۆکانە ، رێگە نادرێن بەدیداری بەرپرسێکی ناوچەش شادبن و داخوازییەکانی بخەتە روو .... سامی شۆرش لە کۆمۆنیستێتییەوە بۆ بەعسێتی عێراقچێتی ، ئەوجا بۆ دەمراستی ی ن ك و لەژێریەژێریش بۆ چەند دەزگایەکی  دیکەی سیخوری ناوچەیی و جیهانی . تا بە قودرەتی قادر و حیکمەتی ئەلفوبای حیزبایەتی لای پارتی دەکرێتە وەزیری رۆشنبیری !. هەر وەك بڵێی ، حیزبی 59 ساڵە خوێندەوارێکی تێدا نەبیٚ !؟ . سەدان و هەزاران ئەندامی پارتی کە لە تەمەنی شۆرشەوە لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدان و دڵسۆز و کوری رۆژانی تەنگانە بوون ، پلە و پایەیەکی وایان پیٚ نابرێت !؟ سامی شۆرشیٚ بەوە ناسراوە وەك تەلەفۆنی سەر شەقامەکان پارەی تێنەکەیت کار ناکات ، ئەویش بۆنی دۆلاری نەکردبێت نایەت دەستبەجیٚ  بە کتێبێك لەسەر بەهەشتی ( ئیدریس بارزانی )  بە زمانی عەرەبی ـ کردستان والاکراد : الحرکه القومیه والزعامه السیاسیه  ادریس بارزانی ... نموزجاـ بە زیاتر لە 68 وێنەی کاك ئیدریسەوە بڵاوبکاتەوە و  خەڵاتی سەرۆکی حکومەت مسۆگەر بکات .  یان لە بەرهەمێکی دیکەیدا بە زمانی کوردی بەناوی  ـ عێراق و دەورووبەری ، کورد لەو ناوەندەدا ـــ بە رستەیەك باسی پێشوازییەکی حافز الاسد لە مەسعود بارزانی لە ساڵی 1999 دا  دەکات  ، بەنیشانەی  ترۆپکی برایەتی کورد و عەرەب و تێگەیشتنی داگیرکەران بۆ مەسەلەی کورد دادەنیٚ!؟ .

هەزاران شاعیر و کەسانی هەڵکەوتووی کورد رێز لە بارزانی و خەباتەکەی دەنێن ، تیشکی میدیای پارتییان ناکەوێتە سەر ، کەریمی حیسامی ( بەرەحمەت بێت ) ئەڵقە لەگوێی حشع بوو ، عەبدولرەزاق سافی ... و  لەمەر بارزانییەوە شتێك دەبزرکێنن ! ، ووتەکانیان لە لایەن عێراقچێتییەکانەوە  دەستبەجیٚ دەبنە مانشێتی رۆژنامەی ( بـرایـەتی ) . کۆری یاد و رێزلێنان بۆ حەسیب قەراخی خوالێخۆشبوو دەکرێت . مانگێگی رەبەق زیاتر دەزگاکانی راگەیاندن قیرەیان دێت لەسەری ( مافی خۆیەتی و پێویستە رێزی لیٚ بگیرێت ، بەڵام ...) ، ئاهەنگ بۆ الجواهیری دەکەن و پەیکەری بۆ دادەنێن و بە ملیۆنەها دینار و دۆلار خەرج دەکەن و سفرە بۆ هەرچی عروبەچییەکانی ناوچەکە هەیە دادەخەن و مەسرەفی هاتووچۆشیان لە ئەستۆ دەگرن ، بەڵام نە یادێك نە پەیکەرێك بۆ سەجادی و پیرەمێرد ناکرێت !.یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر ـ بەرێز ئەحمەد دڵزار دەکاتە سەرۆکی خۆی و بەتەمەنترین رۆژنامەنووسی کوردستان و خەڵات دەکرێت .  لە کاتێکدا دوو وتاری بۆ کورد و کوردستان بەرچاو ناکەوێت . نەخوێندەوارێکی وەك فەرهاد عەونی ساڵەهایەکە مۆنۆپۆڵی دەزگای برایەتی کردووە ، چوار دێری کوردانەی هەتا ئێستا نەنووسیوە .  سەرۆ قادر ، لە هەر کەس زیاتر رابردووی  دیارە و ناسراوە چماڵێکە !،  گروپ و رێکخستن نەما تاقی نەکاتەوە ، تا دواجار لەهەواری گەرم و ئامادەکراوی پارتیدا گیرسایەوە. لە چاو تروکانێکدا چنگی لە شادەماری پدك گیربوو و ئێستا بەدیقەتەوە سەرنج لە حیکمەتەکان ! دەدات و شەرەکانی خۆی لە سەنگەری پارتییەوە بەموو بەو دەفرۆشێت و...!؟.عەبدولسەلام بەرواری لە پیرمامەوە بەناوی بەرپرسی دەزگای راگەیاندنی پارتییەوە تەلەفون بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی الجزیرە دەکات ، کە بەرنامەیەکی تایبەتی لەسەر کورد پێشکەش دەکرد و میوانی بەرنامەکە

باسی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دەکرد . ئەو شیرمژەی عروبە بۆ بەرچەرچدانەوەی پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەت ووتی : من لە سەلاحەدین باکوری عێراقەوە بەناوی ... قسەتان لەگەڵ دەکەم و ئێمە لەگەڵ باسوخواستی سەربەخۆیی و دەوڵەتدا نین . ناوبراو ئێستا لە پەنا حەجەکەوە دانیشتوو و.....

ئەم نموونانە گەرچی مشتێکی خەرمانێکی شەرمەزاری ئابڕووچوونە، بەڵام هەقیقەتێکی تاڵن . هەموو میتۆد و دڵسۆزی ئەمانە لە نێو پارتیدا ،ئەویش بۆ شوێنەونی و دوورخستنەوەی گومان لەسەر خۆیان ، پەیڕەوی تاکە پرنسیپێکی حیزبایەتی لایان ، بریتییە لەوەی بە هەق و ناهەق ڕۆژانە لە پەراوێزێکدا ، لە پێشەکی کارێکی تیوری و زانستیدا ، لە تەك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و زمانەوانیدا ، لە کۆپلە شیعر و لە بەرگی ڕۆمانێکدا . لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یان لە رادیۆەوە یاخود لەسەر رووپەڕی ماڵپەڕەکان بە بۆنە و بێ بۆنە سوپاسێکی گەورە ، ستایشێکی زیادڕەوانە بلکێنن بە ناوی سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانی یان ڕێزدار هەڤاڵ نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە . لە تەك ئەمانەشدا باشترین راپۆرت نووسن لەسەر کەسانی دیکە . لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و دواتریشدا کە ئەمانە سەنگەریان نەگواستبووەوە ، هێشتا لای بەعس بوون !؟ ، دزێوترین تاوان و ناشرینترین لەقەب و پروپاگەندەیان دوای شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی دەخست .

بەکارهێنانی ئەم میتۆدە پڕ لە فێڵ و ریاکارییە لەرستەیەك یان نیوە رستەیەکدا دەکەنە پەساپۆرتی پەڕینەی مەرامەکانیان و گەرمکردنەوەی گیرفانە گەرم داهاتووەکەیان . بە لای ئەمانەوە گرنگ ئەوەیە ، جێگایان مسۆگەرە و لە قەرسیای دۆلار دا دەلەوەڕن و کاوێژی گوڵی سووری فەلسەفی دەکەنەوە و گوێی لە مستانە داخوازی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و چەمکە نامۆکان پەیڕەو دەکەن .

شێخ زانای تیرۆریست چۆن دەرفەتی شلۆقی و درۆشمی ژمارە کەڵەکەکردنی ( پدك ) ی قۆستەوە و لە نێو هەناویدا گروپی تیرۆریستی دروست کرد و کاری ئەنجام دا ، ئەوا ئەم تاقمەش کە دزەیان کردووە و میوانداری ئاشکرایان لێ دەکرێت ، مۆڵەت دراون لە نێو دڵی پارتا کار بکەن ، ئیمڕۆ نیشانەی سکاندالن بە دادۆشینی ئایدۆلۆژی و گەڕا خستی ڕێکخراوەیی و لرف لێدانی دارایی خودی پارتییەوە و سبەینێ دەبنە هۆکاری کارەسات و ماڵوێرانییەکی دیکەی پڕ لە ئابڕوو چوون .

پاش ئەو هەرەسخواردنەی بەسەر کۆمۆنیزمدا هاتووە ، حشع هەموو کادێرەکانی خۆی پێ بەخێو ناکرێت و ناتوانێت ڕۆڵی بەرچاو و پێشڕەو لەسەر گۆڕەپانی کوردستاندا بلێزێت . بۆیەکا هەندێ لە کادێرەکانی بە پلانێکی داڕێژراو دەنێرێتە ناو پدك ، کە هەمیشە دەرگا بۆیان لەسەر گازەرای پشتە و بە حورمەتەوە دالدەدەرێن . تاوەکو سوود لە توانا و ئیمکانێتی پدك وەربگرن و مۆنۆپۆڵی دامودەزگاکانی بکەن . بنەماڵەی بارزانیش ئەم هەقیقەتە چاك دەرك پێدەکەن و پاساویان ئەوەیە دەڵێن : ئێمە خەڵك دەکڕین بۆمان بنووسن!.

ئەم مامەڵە دووسەرە، خۆبەخێوکردن و کڕینی کۆمۆنیستی دەمامك لە روو دۆڕاو ، زیانە بە بڕشت و مانای بزووتنەوەی رزگاریخوازی راستەقینە و باوەڕی کوردایەتی دەکەوێت . ئەم بەرپرسیارێتییەش وا لە ئەستۆی بنەماڵەی بارزانی و هەموو ڕۆشنبیرێکی خاوەن هەڵوێست و باوەڕدا .